# لیستی تاوانباران!!

**شاخەوان شۆڕش**

ماوەیەکە دەنگوباسی ئاشکرابوونی ناوی گەلێ ناپاک و سیخوڕ لەلیستێکی تایبەتدا لەناو خەڵک بەکەم و زۆر باسی دەکرێت. گوایە ناوی خەڵکێکی زۆری خاوەن پلەوپایە لەناو ئەم لیستەدان, دەڵێن ئەوانە هەموویان پەیوەندیان بەحکومەتی گۆڕبەگۆڕی بەعسی داگیرکەرەوە هەبووە و کاریان بۆ ڕژێمی دیاگیرکەر کردووە. خەڵکێکی زۆر پەرۆشی زانین و دادگایی کردنی ئەم خەڵکەن. منیش وەک زۆری دیکە پێم وایە ئەم خەڵکە دەبێ ئاشکراکرێن و دادگایی بکرێن.

بەڵام ئایا هەر ئەو کەسانەی ناویان لەلیستەکەدایە تاوانبارن و ناپاکیان لەگەڵ خەڵک و کوردستان کردووە؟! تەنها ئەوانەن کەناپاکیان لەگەڵ خاک و نەتەوە کردووە!؟ ئایا پێویست دەکات بەدوای ئەوانەدا کەبەرامبەر بەکوردو کوردستان تاوانبارن بگەڕێین!؟ جاشایەتی چییە و دەکرێ بەکێ بگوترێ جاش؟ ناپاکی بەرامبەر بەنەتەوەو نیشتیمان چییە و دەکرێ بەکێ بگوترێ ناپاک؟ تاوانباری و خۆفرۆشی و ناپاکی بەرامبەر بەکوردایەتی چییە و دەکرێ بەکێ بگوترێ تاوانبار و ناپاک و خۆفرۆش؟

کوردایەتی, من و زۆری دیکەی لەلێکدانەوەو واتای ئەم چەمکانە بەم شێوانە تێگەیاندووە, یەکەم: جاش و جاشایەتی چییە؟ هەرکەسێ چەک بۆ داگیرکەرانی کوردستان هەڵگرێ و دژی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد و پێشمەرگە بووەستێ و شەڕ بکات, هەروەها پێش لەشکری داگیرکەر بکەوێ و خەباتگێڕانی کورد بکوژێ, خەباتگێڕان بگرێ و بیانداتە دەست داگیرکەر و بەشێوەی دیکە زیان بەجوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی بگەیەنێ هتد..

دووەم: ناپاکیکردن بەرامبەر بەنەتەوەو نیشتیمان چییە؟ هەر کارو کردەوەیەک کەزیان بەنەتەوەو نیشتیمان بگەیەنێ, بۆ نموونە: سیخوڕی کردن و زانیاری بەدوژمن گەیاندن, کاری تێکدەرانەو ئاژاوەنانەوە, هەوڵی شەڕی ناوەخۆ بەرپاکردن, کارکردن بۆ ژێرخستنی شۆڕش و سەرخستنی دوژمنی داگیرکەر, خاک فرۆشی لەهەر ئاستێکدا بێت, سامانی نەتەوە دزین و فرۆشتنی لەدەرەوە, سەرمایەو داهاتی نەتەوە دزین و دانانی لەبانکەکانی دەرەوە, بەسامانی نەتەوە ساختەکاریکردن, هەڵسوکەوتی سەربەخۆ بەسەرمایەو سامانی نەتەوە لەپێناوی بەرژەوەندی تایبەت و پارت, یا بەخراپ بەکاهێنانی سەرمایەو سامانی نەتەوە بەشێوەو جۆری دیکە هتد...

لەئاستی گروپ و ڕێخراودا هەردانیشتێک و ڕێکەوتنێک لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان بەبێ پرس و ئاگاداری خەڵک و شاردنەوەی لەخەڵک تاوان و ناپاکییە بەرامبەر بەنەتەوەو نیشتیمان, بەپێشکەوتنی لەشکری داگیرکەر بەمەبەستی زیان گەیاندن بەگروپێکی یا ڕێکخراوێکی ڕزگایخوازی کوردستان, هاوکاریکردنی داگیرکەرانی کوردستان لەزیان گەیاندن بەگروپێکی یا ڕێکخراوێکی ڕزگاریخوازی کوردستانی, یارمەتی دوژمنان لەگرتن یا تیرۆرکردنی شۆڕشگێڕانی سەر بە گروپی دیکەی کوردستانی, زانیاری گەیاندن بەداگیرکەرانی کوردستان

بەمەبەستی زیان گەیاندن بەڕێکخراوێکی ڕزگاریخوازی کوردستانی و هتد.. ئەوانە هەمووی تاوان و ناپاکین بەرامبەر بەنەتەوەو نیشتیمان و بەکوردایەتی و خەباتی ڕزگاریخوازی کورد, ئەوجا چ تاکەکەس چ ڕێکخراوو پارت پێی هەستن.

شەڕی ناوخۆ و کوردکوژی تاوانە بەرامبەر کوردایەتی, بەکوشتدانی کوڕی کورد لەپێناوی بەرژەوەندی کەس و پارت تاوانە بەرامبەر بەخەڵکی کوردستان, کوشتنی بەدیلگیراوانی شەڕی ناوخۆ تاوانە بەرامبەر نەتەوەو نیشتیمان, تاوانە بەرامبەر بەمرۆڤایەتی و شکاندنی ڕاشکاوی مافەکانی مرۆڤەو شکاندنی ڕێکەوتنامەی ژنێفە. کۆمەڵکوژی بەدیلگیراوانی شەڕی ناوخۆ تاوانی جەنگەو دڕندانەترین پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەو دڕندانەترین تاوانە بەرامبەر بەمرۆڤایەتی. ئەوانەی چ بەبڕیارو فەرمان یا ڕاستەوخۆ بەم تاوانانە هەستاون تاوانبارن.

ئەوانەی سەرەوە وەک گەلێ نۆرم و یاسای دیکە, یاساو نۆرمی نەنووسراوەن و نەکراونەتە یاساو لەچوارچێوەیەکی یاساییدا ژمارەو پەڕەگرافی یاسابوونیان بەفەرمی و لەیاسای بنچینەیی وڵاتدا پێ بسپێردرێ, چونکە ئێمە ئەم وڵاتە سەربەخۆیە کوردانەیەمان نییە, بەڵکو ئەو نۆرم و یاسایانە نووسراوەی ویژدانی هەموو کوردێکی خاوەن هەڵوێستی کوردستانن.

هەموو ئەوانەی یەکێ لەم کارانەی سەرەوەیان ئەنجام دابێت تاونبارن و دەبێ بدرێنە دادگا. جا هەر لەگەورەترین و پیرۆزترین سەرکردەوە بگرە تا کەسێکی ئاسایی. کەسیان بۆ ئەم تاوانانەیان هیچ پاکانەو پاساوێکیان نییە.

بەڵام ئایا هەردوو پارتی دەسەڵاتدار لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا چیان نەکرد!؟ تا توانیان کوردکوژیان کرد و کوڕی کوردیان بەکوشتدا, دیلی شەڕی ناوخۆیان بەتاک و بەکۆمەڵ کوشت, بەپێشی لەشکری داگیرکەر کەوتن و ڕاوی یەکتریان نا و ڕاوی شۆڕشگێڕانی بەشەکانی دیکەی کوردستانیان نا, زانیاریان لەسەر یەکتر دایە دوژمن, تا پێیان کرا سەرمایەو سامانی نەتەوەیان دزی و فرۆشت و لەبانکەکانی دەرەوەیان تەقەت کرد, زەویەکانی کوردستان وەک ئەوەی هی خۆیان بێت, بۆ چەندین جار هەر جارەی بەناوی شتێ بەسەر خۆیاندا دابەشکرد, تاتوانیان دانیشتن و کۆبوونەوەیان لەگەڵ دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان کردو بەکەسیشیان نەگوت چیانکردو لەسەر چی ڕێکەوتن و بۆ, کوردستانیان دابەشکرد, زۆری دیکەو زۆری تر .. دیارە هەردوو پارت گەلێ لەم کارانەیان بەشاراوەیی نەکردووەو بەنوێژی نیوەڕۆ و لەبەرچاوی هەموو خەڵکی کوردستان ئەنجامیان داوە!

بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە, دوای ڕوخانی بەعس گەلێ لەتاوانباران خۆیان گەیاندە کوردستان و خۆیان لای یەکێتی و پارتی پەناداو هەندێکیان لەوێوە دەرچوون, بۆ نموونە تاوانبار جەعفەر بەرزنجی هاتە کوردستان و پارێزگاریکرا تا دەرچوو!

بۆیە پرسیار ئەوە نییە کێ ناوی لەم لیستەدا هەیە یا کێ تاوانبارە, پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە, ئایا کامەیان گومانی تاوانیان لێناکرێت یا تاوانبار نین؟!

بەڵام کە تۆ خاوەنی یاسایەکی کوردانە و کوردستانی نەبیت, ئەم خەڵکە تاونبارە کەگەلێکیان ئاشکرا دیارن و شەرمیان لەکەس نەکردووە کاتێ بەم تاوانانە هەستاون, چۆن دەتوانی دادگایی بکەیت, یا چۆن دەتوانی خەڵک بە ناپاکی و سیخوڕی و جاشایەتی تاوانبار بکەیت؟ بەیاسای عێراقی!؟ یا بەیاسای یەکێتی و پارتی!؟

**دانیمارک**
14.8.2003